Kurdish Sorani

1) ئەگەر هەڕەشەت لێ کرا وە یان لێت درا لەلایەن کەسێکەوە کە لەگەڵیدا دەژیت ئەوە پێی دەوترێت تووندوتیژی خێزانی. ئەگەر ئەمەت لێ ڕوو بدات ئێمە یارمەتیت دەکەین. مەرج نیە تۆ کرێچیی کاونسڵ بیت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین. لەبەر ئەوە تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

2) ئێمە بە ڕێگەی جیاواز دەتوانین یارمەتیت بکەین. دەتوانیت قسە بۆ یەکێك لە کارمەندەکانمان بکەیت لەو شوێنەی خۆت هەڵیدەبژێریت. وە دەشتوانیت داوا بکەیت قسە بۆ کارمەندێک بکەیت کە هەمان ڕەگەزی خۆت بێت.

3) ئەگەر موتەرجیمت پێویست بێت ئەوا ئێمە دەتوانین موتەرجیمت بۆ بهێنین ڕووبەڕوو تەرجومەت بە بکات، وە ئەگەر خۆیشت موتەرجیمت هەبێت ئەوا ئێمە پێمان خۆشە کاری لەگەڵ بکەین. وە ئەگەر ویستیشت ئەوا لەسەر تەلەفون دەتوانرێت تەرجومەت بۆ بکرێت.

4) ئێمە گوێت بۆ ڕادەگرین وە کاتیشت پێ دەدەین حاڵەتی خۆتمان بۆ باس بکەیت. ئەو زانیاریانەی تۆ پێمان دەڵێیت نهێنی دەبێت. ئێمە زانیاریەکانت ناگەیەنین بە هیچ لایەنێک ئەگەر خۆت ڕازی نەبیت تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە منداڵ لە کێشەکەدا هەبێت.

5) ئێمە داوات لێ ناکەین کە بیسەلمێنیت تووشی توندوتیژی بوویت وە پەیوەندیش ناکەین بەو کەسەی تۆ لەگەڵی دەژیت مەگەر خۆت بتەویت.

6) ئەگەر بتەوێت شکات بکەیت، ئەوا ئێمە دەتوانین ئامۆژگاریت پێ بدەین. بەڵام ئێمە زۆرت لێ ناکەین شکات بکەیت.

7) ئەگەر دەستدرێژیت کرابێتە سەر، ئەوا بۆت هەیە هەڵببژێریت کە بتەوێت لە ماڵەکەتدا بمێنیتەوە، ماڵێکی دیکە بدۆزیتەوە وە یان بە ئیمەرجێنسی جێگەت بۆ دابین بکرێت. ئێمە پشتگیریت دەکەین لە هەڵبژاردنەکانتدا.

8) ئەگەر دەتەوێت لە ماڵەکەی خۆت بمێنیتەوە ئێمە یارمەتیت دەدەین بۆ ئەمە. لەوانەیە بۆ ئەمە کاری یاسایی بوێت. ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین پارێزەر پەیدا بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.

9) ئەگەر بتەوێت بگوێزیتەوە، ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین بۆ گواستنەوەت بۆ ماڵێکی تر. ئێمە دەتوانین زانیاریت پێ بدەین لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی نیشتەجێکردن بۆ نموونە کۆمەڵەی نیشتەجێکردن وە نیشتەجێکردن لە کەرتی تایبەت.

Kurdish Sorani

10) ئەگەر تۆ لە مەترسیی ساتیدا بیت وە نەتوانیت لە ماڵەکەتدا بمێنیتەوە، ئەوا ئێمە دەتوانین جێگەی ئیمەرجێنسیت پێ بدەین. ئەگەر پێویست بکات لەدەرەوی نیووکاسڵ.

11) ئەگەر لە دوای 4:30 پاش نیوەڕۆوە پێویستیت بە جێگەی  ئیمەرجێنسی هەبوو تەلەفون بکە بۆ خزمەتگوزاریی دوای دەوامەمان.

12) وە ئەگەر تۆ کرێچیی ئێمەیت ئەوا ئیمە دەتوانین یارمەتیت بدەین لە چاککردنەوەی ماڵەکەت ئەگەر زیانمەند بووبێت لە ئەنجامی توندوتیژیی خێزانیدا. وە ئێمە کاری یاسایی لە دژی ئەو کەسە دەکەین کە بۆتە هۆی زیانمەندی بۆ ماڵەکەت ئەگەر ئەوانیش کرێچیی ئێمە بن.

13) هەروەها دەتوانین پاراستنی زیاتر بۆ ماڵەکەت بکەین وە یان هۆشیارکەرەوە بدەین بە خۆت کە بەستراوە بە خزمەتگوزاریەکانی ئیمەرجەنسی.

14) هەروەها دەتوانین وا بکەین  بتوانیت پەیوەندیت هەبێت بە ڕێکخراوەکانی پشتگیری دیکەوە وەک پشتگیری قوربانیان.

15) دەزگای پشتگیری دیکە  زۆر هەن کە دەتوانن یارمەتیت بدەن ئەگەر قوربانیی دەستدرێژیی خێزانی بیت. ئێمە لێرەین بۆ یارماتیدانت. تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.